# لە ئامێزی هارمۆنی دا ماڵێك نەخشاو بە هونەر

## خانەوادەی هونەرمەند ئیبراهیم خەیات

ئیبراهیم خەیات



ئا: یاسین عومەر

جاری واهەیە تەنها پریشکێکە و دوایی هەزارەها شەبەنگە رووناکی گەورە بەدوای خۆدا بەجێدەهێڵێت، ئەمە چیرۆکی خانەوادەی مامۆستا ئیبراهیم خەیاتە کە پاش خۆی یەك گروپ هونەرمەندی پێگەیاندووە، دەتوانین رونتر بڵێین کە ئەو لەگەڵ پێگەیاندنی کۆمەڵێك منداڵدا نەوەیەك لە هونەرمەندی بۆ جێهێشتووین، شتێکی سروشتییە ئەگەر هونەرمەندە مەزنەکان پاش خۆیان هیچ ئاسەوارێك لە هونەر جێنەهێڵن و نەوەکانیان خەریکی کاری تر بن، بەڵام ئەوە لە سەرکەوتوویی و گەورەیی هونەرمەندەوەیە کە پاش خۆی هونەرمەندانێکی باش جێبهێڵێت. مامۆستا ئیبراهیم خەیات یەك لەو هونەرمەندانەیە کە لەسەر ئەم رێچکەیە نەوەکانی خۆی پەروەردە کردووە .

گەورەترین منداڵی خانەوادەکەی هونەرمەند ئیبراهیم خەیات مامۆستا بەرزانە، ئەو ئێستا لە زانکۆی سلێمانی مامۆستایە و پسپۆڕە لە بوارەکانی ((کشتوکاڵ و زانستەکانی کۆمپیوتەر))دا و دوو ماستەری هەیە، ماستەری یەکەمی لەبواری (( خاك ))دایە و ئەویتریشیان لە هۆڵەندا وەریگرتووە لە بواری کۆمپیوتەردا. مامۆستا بەرزان دوور لە هونەر بوارێکی تری بۆ خۆی هەڵبژاردووە کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە بواری هونەر.

بچوکتر لە مامۆستا بەرزان و منداڵی دووەمی ئەم خانەوادە بەڕێزە موزیسیان و ژەنیاری بەتوانا گۆران ئیبراهیم خەیاتە، گۆران خۆی لە بنەڕەتدا دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە و تا لە کوردستانیشدا بووە خەریکی کاری ئەندازیاریی بووە، بەڵام لەپاڵ ئەم کارەیدا هونەریش خولیای بووە و خۆی لەگەڵدا ماندوو کردووە. گۆران ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە و ئەندامی تیپی مۆسیقا سلێمانی بووە و لە بەرهەمی چەندین گۆرانیبێژی بەتوانادا هەم وەك ژەنیار و هەم وەك دابەشکەرێکی موزیکیش کاری کردووە. لەوانەش دوو بەرهەمی هونەرمەند حەمە جەزا و مەسعودی محەممەدی و جیهانی برای و چەندین هونەرمەندی تر .

سێهەم منداڵی ئەم خانەوادەیە دەموچاوێکی مەئلوف و خۆشەویستە لای هەموومان. بەڵام ئەم منداڵە زنجیرەی دەنگخۆشی و گۆرانیگوتن دەپچڕێنێت و لەبواری نواندندا خۆی دەدۆزێتەوە. ژیان دوای مامۆستا ئیبراهیم ناسراوترین ئەندامی ئەم خانەوادەیەیە. لە زۆرێك لە زنجیرە و دراما و شانۆییەکاندا بینیومانەوە ئەکتەرێکی سەرکەوتووە بە هەموو پێوەرەکان. هەمووومان شایەتی رۆڵی ئەو بووین لە درامای خولەپیزەدا کاتێك رۆڵی پیزەی دایك دەبینێت و بینیمان چ دایکێکی بەزەبر و خۆشەویست و لەدڵاشیرینە. لە دراماکانیشدا هەمیشە دەموچاو و رۆڵەکانی ئەو رێژەی نەگۆری داهێنان بوون و بە بەرزونزم بوونی دراماکان کێرڤی داهێنانی ئەو بەرز و نزمی نەکردووە و هەمیشە پێگەی داهێنەرانەی خۆی پاراستووە.

دوای ژیان چوارەم منداڵی خانەوادەی مامۆستا ئیبراهیم ڤیان خانە، ڤیان دوور لە رووناکی پرۆژێکتەر و فلاشی کامێراکان ژیانی خۆی دروستکردووە و دەژی، بەڵام با ئەوە لەلامان حەقیقەت بێت کە ئەم ماڵە هەموویان دەنگیان خۆشە و ڤیانیش وەك ئەوانیتر دەنگخۆشە بەڵام دیارە مرۆڤەکان خۆیان ژیانی خۆیان دیاریدەکەن و زۆرجاریش بۆلوان و گونجاندن لە بوارێکدا یەکێك دەکاتە هونەرمەند و رەنگە یەکێکی تر نەکات. ڤیان مامۆستایە و لەم بوارەدا خزمەتی خۆی دەکات.

دوای ڤیان پێنجەم منداڵی ئەم خانەوادە هونەرمەندە، هونەرمەندێکی ترە، کوڕێکی قۆز و رێکپۆش، خاوەن دەنگێکی تایبەتی کە رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا جێگەیەکی شایستە بۆخۆی لەناوەندی هونەری کوردیدا داگیربکات. جیهان ئیراهیم یەکەم گۆرانیبێژی ئەم خێزانەیە دوای مامۆستا ئیبراهیم، تا ئێستا خاوەنی دوو ئەلبومە و بۆ بەرهەمهێنانی سێهەم ئەلبومیشی لەکارکردندایە.

دوای جیهان، نیان شەشەم منداڵی ئەم خانەوادەیەیە. ئەویش هەر بەهەمان شێوازی ڤیان مامۆستایە، بێگومانبن لەوەی کە دەنگی خۆشە بەڵام ئەویش بڕیاریداوە دوورە لە مایك و موزیك و ستۆدیۆکان بژی، ئەمە بەو واتایە نا کە ئەو دوورە لەم بوارانە، نەخێر هونەر (( بەتایبەتی موزیك و گۆرانی )) لە ناوەوەی رۆحی هەریەکێکی ئەم خێزانەدایە بەڵام ئیتر ئەوە هەریەکە و بەپێی جۆری ئەو ژیانەی خۆی بڕیاری لەسەردەدات دەبێتە ئەو شتەی کە دەیەوێت و نیانیش لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە نییە. دەبێت بشزانین کە نیان وەکو کۆرس لەگەڵ کیژانی خوشکییدا لە زۆربەی گۆرانییەکانی (جیهان)ی برایدا بوونی هەیە .

ئاڤان حەوتەم منداڵی مامۆستا ئیبراهیم خەیاتە و ئێستا لەدەرەوەی کوردستان لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، دیارە بەبێ ئەوەی مساوەمە لەسەر دەنگخۆشی ئەمیش بکەین دەڵێین کە ئاڤان ئافرەتی ماڵەوەیە و لەهیچ بوارێکی هونەرییدا کارناکات.

دوای ئاڤان هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی ترمان هەیە کە ئەفسوس ئێستا کۆچی دواییکردووە و لەژیاندا نەماوە، سۆزان هەشتەم منداڵی ئەم خێزانەیە و لەکارەساتێکی ئۆتۆمبێلدا لە سوید خۆی و هاوسەرەکەی گیانلەدەستدەدەن، سۆزان گۆرانی وتووە و لەسەر مەسرەح لە یۆتۆبۆری و چەندین شاری تری سوید گۆرانی وتووە .

سۆران منداڵێکی تری ئەم خێزانە پڕ لە هونەرەیە و ئەویش موزیسیان و گۆرانیبێژە و لەدەرەوەی کوردستان نیشتەجێیە و ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە، سۆران هاوکاری زۆربەی گۆرانیبێژەکان بووە و خاوەنی چەندین سروودی نیشتیمانییە و خۆشی چەند بەرهەمێکی لەبواری گۆرانیوتندا هەیە و دووا بەرهەمیشی کلیپێکی جوان بوو کە لە کەناڵی کوردساتەوە بینیمان .

کیژان



کۆتا منداڵی ئەم خانەوادەیە کیژانە، بەبۆچوونی هەموو ئەوانەی کە چاودێری ناوەندی هونەری کوردی دەکەن و گوێ لە دەنگە تازەکان دەگرن، کیژان بەهرەیەکی ناوازە و دەگمەنە، کیژان تا ئێستا لە دوو بۆنەدا بە ئاشکرا دەرکەوتووە، لە بەرنامەی ئاوێنە لە کەناڵی کوردسات لەگەڵ باوکییدا، هەروەها لە گۆرانی درامای جومعە کە بەرهەمی کەناڵی کوردسات بوو. ئەو دوو بۆنەیە بەس بوون کە هەواڵی دەنگێکی تایبەتی و هەڵکەوتە بدەنە گوێگران. هەمووومان چاوەڕێی بیستنی ئەم دەنگە نایابەین کە لەبۆنەیەکی گەورەتردا بۆ نموونە لە بەرهەمێکی سەربەخۆدا بیبیستین و دڵخۆش بین بە لەدایکبوونی دەنگێکی شیرین و ساز لەنێو ئەو هەموو دەنگە ناشیرین و نەسازەی کە خەریکە ناوەندی هونەری کوردی وێراندەکەن.